## (بانگەوازی هەڵبژاردنی داواکاری خۆگونجاندنی بێگانە)

هاولاتیانی بەرێزی شاری نۆیسی ئەوانەی مێژوی کۆچکردنیان هەیە.

لە بەرواری 30.5.2021 ڕۆژی دوبارە هەڵبژاردنەوەی لیژنەکەیە. ئەو لیژنەیە، هەیئەیە ڕاستەوخۆ لە دوازدە نوێنەری هەڵبژێردراوی بێگانەو کۆچکەرو هەروەها شەش ئەندامی ڕاوێژکار پێکدێت. زەمەنی ئەم لیژنەیە بۆ ماوەی پێنج ساڵە. لەم بە شێوە دیموکراسیە لیژنە هەڵبژێردراوە سەرجەم ئەندامەکانی بەردەوام پرسیاری عەدالەت و یەکسانی بێگانەو پەناهەندەکان و زۆرێکی تر لە بابەتی کۆمەلایەتی و سیاسی دەگۆڕنەوە. ئەم لیژنانە لە نزیکەوە نوێنەرایەتی تۆی هاولاتی شاری نۆیس دەکەن و ئیمکانیەتی ئەوەت بۆ دەرەخسێنن بتوانیت دوارۆژی خۆت چالاکانە قەوارە پێ بدەیت و پێکبهێنیت. هەربۆیە دەنگی تۆ گرنگە: بچۆ بۆ دەنگدان و مافی دەنگدانت لە دەست مەدەو بەم دەنگ پێدانەت مافی بەشداری سیاسیت لە سیاسەتی شارەکەدا بەرجەستە دەکەیت. ئەم دیموکراسیەتەمان بە دەنگی تۆ دەبوژێتەوە.

### شوێنی دەنگدان لە کوێیەو و چۆن بتوانم دەنگ بدەم؟

شاری نۆیس دابەش بووە بەسەر پێنج ناوچەی هەڵبژاردندا کە لە یەك شەممەیەکدا سندوقی هەڵبژاردن بۆ پێدانی دەنگەکان پێکدەهێنرێن. سەرجەم شوێنی هەڵبژاردنەکان کراوە دەبن. بۆ شوێنی هەڵبژاردنەکەشت زانیاریەکان لە نامەو نوسراوی هەڵبژادنەکەت وەربگرە.

### کێن ئەوانەی مافی هەڵبژاردنیان هەیە بۆ ئەو لیژنەیە (هەیئە) یە:

- ئەوانەی ئەڵمان نین ، بەواتا بێگانەن بە پێی مادەی 116 فەقەرەی 1 یاسای ئیتحادی یان ئەوانەی ڕەگەزنامەی بیانیان هەیە.
- ئەوانەی ڕەگەزنامەی ئەڵمانییان بە ڕێگای تەجەنوسەوە وەرگرتوە یان ڕەگەزنامەی ئەڵمانییان بە ڕێگای تەجەنوسەوە وەك منداڵی خێزانێکی بێگانە وەرگرتوە کە لەم ولاتە لە دایك بووە ، لە کاتێکدا یەکێك لە دایك و باوکەکە ماوەی 8 ساڵ بێت ئیقامەی ئێرەو ئیقامەی هەمیشەیی دەبێت هەبێت.

**STADT NEUSS**
*Im Auftrag*
Beauftragter für Diversität,
Integration und Antirassismus
Deniz Elbir M.A.
Markt 2
41460 Neuss
Tel.: 02131 90-5750
deniz.elbir@stadt.neuss.de

NEUE DEUTSCHE STADTGESELLSCHAFT

STADT NEUSS

بەدەر لەوە دەبێت ئەو کەسە لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکەدا لە بەرواری 30.5.2021 :

- لانی کەم تەمەنی شازدە ساڵ بێت. بەواتا پێش 30.05.2005 لە دایك بوبێت.
- لانی کەم ماوەی ساڵێك بێت لە ئەڵمانیا بە شێوەیەکی یاسایی مابێتەوەو ژیابێت.
- لانی کەم شازدە ڕۆژ پێش هەڵبژاردنەکە لە نۆیس خاوەن ماڵی خۆی بێت.

ئەو بێگانانەی ماف هەڵبژاردنیان نیە بریتین لە:

- ئەوانەی داوای پەناهەندەییان کردوە یان
- ئەوانەی یاسای ئیقامەیان بە مادەی 1 برگەی 2 ی ژمارە 2 وە 3 بەکار نایەت.

کەسانی خاوەن ماف هەڵبژاردن ڕاستەوخۆ لە دەفتەری هەڵبژاردنی شاری نۆیس تۆمار دەکرێن و لە 26.04.21 تا بەرواری 5.5.21 هەواڵ و نامەی هەڵبژاردنیان لەگەڵ زانیاری گرنگ لەم بارەیەوە پێدەگات کە ، کەی و لە کوێ دەتوانیت بچیت بۆ هەڵبژاردن.

ئەو کەسەی تا بەرواری 09.05.21 نامەو هەواڵی هەڵبژاردنەکەی پێنەگات بەلام وا بزانێت ماف هەڵبژاردنی هەیە ، ئەوا دەستوبرد بکات بۆ پەیوەندی کردن بە نوسینگەی هەڵبژاردن لە شاری نۆیس. زانیاری زیاتر بۆنمونە نامەی هەڵبژاردن لەم لینکەی خوارەوەی شاری نۆیس بەدەست دەهێنیت:

https://www.neuss.de/rathaus/wahlportal

Deniz Elbir

بەرپرسی کاری هەمەلایەنەو خۆگونجاندنی ( Integration) بێگانەو دژە ڕەگەزپەرستی لە شاری نۆیس.

**STADT NEUSS**
*Im Auftrag*
Beauftragter für Diversität,
Integration und Antirassismus
Deniz Elbir M.A.
Markt 2
41460 Neuss
Tel.: 02131 90-5750
deniz.elbir@stadt.neuss.de

NEUE DEUTSCHE STADTGESELLSCHAFT

STADT NEUSS